جیاوازی لە شێوازی

تەراویح و وتــــر

لە تێڕوانینی زانایـان و تێگەشتنیان بۆ ئەو ڕیوایەتانەی لەوبارەیــەوە هـاتون

نـووسەر :
مـاموستـا ئوسامە تەوحیدی شـارەزووری

بسم الله الرحمن الرحيم

دایکمان عائیشە ڕەزای اللّٰە ـی لێ بێت فەرموویـەتی :
(كان النبي صلى الله عليه وسلم يصلي أربعاً فلا تسال عن حسنهن وطولهن، ثم يصلي أربعاً فلا تسأل عن حسنهن وطولهن ثم يصلي ثلاثاً) [متفق علیـه]

پێغەمبـەر ﷺ چوار ڕكات ـی ئەكرد (لەشەو نوێژدا) مەپرسە لەبارەی درێژی وجوانـی نوێژەكەی پاشـان چوار ڕكات ـی تری ئەكـرد مەپرسە لەبارەی جوانی و درێژیـەكەی پاشان سێ ڕكات ـی وتری ئەكـرد.

هەنێ لەفوقەهایان فەرموویـانە : ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەونوێژ ئەتوانرێت چوار ڕكات چوار ڕكات ئەنجام بدرێت بەیــەک سەلام ـدانەوە بەڵام بەشێکی تری زانایـان ئەفەرموون ڕیوایەتەکەی دایکە عائیشە مەبەست پێی ئەوەنیـە چوار ڕكات ـی کردبێت بەیـەک سەلامدانەوە بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە دووركـات ـی درێژ نوێژی ئـەكرد وسەلامی ئەیاوە پـاشان

هەڵئەستایەوە دوو ڕکاتــی تری درێژی ئەکردەوە پاشان سەلامی ئەیایەوە و دائەنیشت ئیسراحەتێکی ئەکـرد پاشان بەهەمان شێوە چوار ڕکاتەکەی تری ئەکرد واتــا مەبەستەکە ئەوەیە لەنێوان هەرچوار ڕکاتەکـە ئیسراحەتێکی کردووە بەهۆی درێژی نوێژەکەی نەک مەبەست پێی هەرچوارەکەی پێکەوە کردبێت چونکـە

ابن عمر گێڕاویەتیەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویـەتی : (صلاة الليل مثنى مثنى فإذا خشي أحدكم الصبح صلى ركعة واحدة توتر) [متفق عليه]

نوێژی شەو نوێژ دووڕکـات دووڕکـاتە هەرکەس لەئێوە ترسا کەڕۆژی لێ بێتەوە ئەوا با ڕکاتێـک وتر بـکات.

زانایـانی تر لەوەڵامـدا فەرموویانە: ئەفزەڵتر ئەوەیـە دووڕکات دووڕکات بکرێت بەڵام جائیزە چوار ڕکات بەیەک سەلامدانەوە بـکرێت چونکە نوێژی وتر بەچەند شێوازێک لە پێغەمبەر ﷺ هاتوە بەسەحیح ـی وە نوێژی وتریش بەشێکە لەشەو نوێژ چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی :(صلاة الليل مثنى مثنى فإذا خشي أحدكم الصبح صلى واحدة توتر له ما قد صلى)

واتە : شەونوێژ دووڕکات دووڕکات ـە ئەگەر هەریەکێ لەئێوە ترسا ڕۆژبێتەوا ئەوا با یـەک ڕکات بکات ئەبێت بەوتر بۆ نوێژەکانی پێشتری.
بۆیە جائیزە نوێژی شەونوێژ چوار ڕکات پێکەوە بەیەک سەلامدانەوە بکرێت چونکە چەند شێوازێـکی وتر هاتوە کەبەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێویست بە تەئویلکردنی وتەکەی دایکە عائیشە ناکات ئەویش ئەوەیـە.

نوێژی وتر چەند شیوازێکی هەیە

شـێوازی یەکەم

١- یــەک ڕکات بەتەنها بکات
٢- سێ ڕکــات بکات
ئەمەش دووشێوازی هەیە
شێوازی یەکەم : هەرسێ ڕکاتەکە پێکەوە ئەکات لەڕکاتی دووەم دانانیشێت هەڵئەسێتەوە لەڕکاتی سێهەم دائەنیشێت و التحیات ئەخوێنێت وسەلام ئەیـاتەوە دایکە عائیشە فەرمویەتی : كان يوتر بثلاث لا يقعد إلا في آخرهن [رواه النسائي (3/234)والبيهقي (3/31)]

شێوازی دووەم

لەڕکاتـی دووەم دائەنیشێت بۆ التحيات و دوواتر سەلام ئەیاتەوە وپاشان ڕکاتی سێهەم بەتەنها ئەکات [رواه ابن حبان (2435)]

شێوازی سێهەم

پێنج ڕکات پێکەوە بەیــەک التحيات لەکۆتا ڕکات ـدا وسەلامدانەوە لەڕکاتی پێنجەم (يوتر من ذلك بخمس لا يجلس في شيء إلا في آخرها) [رواه مسلم (737)]

پێغەمبەر ﷺ وتری ئەکرد بەپێنج ڕکـات لەنێوان هیچ ڕکاتێـکدا دانەئەنیشێت تەنها ڕکاتی پێنجەم نەبێت.

شێوازی چوارەم

وتـر بەحەوت ڕکات پێکەوە دایکە عائیشە ئەفەرموێت: (صلَّى سَبْعَ ركَعاتٍ لا يَقْعُدُ إلَّا في آخرِهِنَّ) [أخرجه النسائي (1718)]

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم حەوت ڕکاتی پێکەوە ئەکرد دانەئەنیشت تەنها لەکۆتا ڕکات نەبێت

شـێوازی پێنجەم

وتر بە نۆ ڕکات هەشت ڕکات ـی پێکەوە ئەکرد لەڕکاتی هەشتەم دائەنیشت التحیات ـی ئەخوێند وسەلامی نەئەیایەوە پاشان هەڵئەستا ڕکاتی نۆیەم ـی ئەکرد و دائەنیشتەوە بۆ التحیات ودواتر سەلامی ئەیایەوە . [أخرجه مسلم (746)]

بەڵام زانایانی تر ئەفـەرموون نوێژی وتر ئەگەرچـی شەونوێژە بـەڵام چۆنیەتیەکەی جیاوازە بۆیە جیاکراوەتەوە

قَالَ الشَّيْخُ تَقِيُّ الدِّينِ : (فَرَّقَ أَصْحَابُنَا هُنَا بَيْنَ الْوِتْرِ، وَقِيَامِ اللَّيْلِ) [لە کشاف القناع ـدا هاتوە(5/ 23)]

شیخ تقی الدین فەرموویـەتی هاوەڵان ـی مەزهەب ـی ئێمە جیاوازی ئەکەن لە نێوان نوێژی وتر و نوێژی شەونوێژ.

بــۆیە ئەوزانایـانەی جیاوازی ئەکەن لە نێوان چۆنیەتی شەونوێژ لەگەڵ چۆنیەتی نوێژی وتر بڕوایان وایە شەونوێژ ئەبێت دووڕکات دووڕکات بێت وجائیزنیە چوار ڕکات بەیـەک سەلامدانەوە بکرێت چونکە شێوازی شەونوێژ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی دووڕکـات دوورکـاتە

بــەڵام لەنوێژی وتردا کەلەکرداری پێغەمبەر ﷺ جێگیربوە یـەک ڕکات وسێ ڕکات وپێنج وحەوت ونۆ هاتوە بــۆیە فەرموویــانە نابێت هەردووکـی بـەیەک شێواز مامەڵەی لەگەڵ بکرێت چونکە چۆنیـەتی هەر دووجۆرە نوێژەکـە جیاوازە

وە پێغەمبەر ﷺ هەشت ڕکات ـی شەونوێژی ئەکرد پاشـان سێ ڕکات ـی وتری ئەکرد ئەمەش ئەکەن بەبەڵگە بۆجیـاوازی لەنێوان وتر و شەونوێژ لەچۆنیەتیدا ئەگینا هەردووکــی شەونوێژە تەنها چۆنیەتیەکەیان جیـاوازە وەک لەکردار و وتەی پێغەمبەر ﷺ سەلمێنراوە لەسەر جیاوازیکـردن لەنێوانیان.

بــۆیە ڕای ڕاجح ئەوەیە : کەسێک نیەت ـی تەراویح یـان شەونوێژی هەیە دووڕکات دووڕکات بکرێت وکۆتایەکەی بەوتر بکات بەڵام کەسـێ بەنیەت ـی شێوازی نوێژی وتر نوێژبکات ئەوا شەرعیە بەهەرشێوازی لەوشێوازانەی پێغەمبەر ﷺ بیکات کە لەسەرەوە باسمانکرد.

الحَمدُ لِلَّهِ رَبِّ العَالَمِينَ

اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ